# لەبارەی شەڕو ئاشتییەوە

موما دیمنش
و: هاژە محەمەد

لە ناونیـــشـــانی رۆمـــانە بەناوبانگەی لیۆن تۆلستۆی (شەڕو ئاشـــتی)دا ئامـــاژە بە وشـــەی شـــەڕکـــراوەو پێگەی یەکـــەمی پێدراوە، بەڵام لە وشە ناسکترەکە دوور ناکەوێتەوە کە پێی دەگوترێ (ئاشتی)، ئەو وشەیەی لە قووڵایی دڵدا چەسپـاوەو پڕیەتی لە حەزو هیـوای مـرۆڤـایەتی. خـۆشم لەو رۆمـــــانەی ســـاڵی ١٩٨٩ بڵاوکـراوەتەوەو ناوی (چۆلەکـەی بچووکە) باسم لەشەڕ کردووەو لە شیکردنەوەی مەنتقییانەی (بوونی مرۆڤایەتی) نزیک دەکەومەوە. ئەم رۆمـانە ئامـادەییـەکی خـوێناوی لە مێژوویەکەوە بۆ ئەویدی پێک دێنێ، وەک نموونەیەک بۆ لە دایکبـوون و مـردن کـە لەلاپەڕەی مـرۆڤـایەتیـدا ناســڕێتـــەوە. لە چەند بەشـێکی رۆمـــانی (شـــەڕو ئاشـــتی) چەند پڕەنسیپێکی یەکتربڕ هەن بۆ سەروو هەڵـدەکـــشـــێین، بەپێی ئەو رووداوانەی دێنەڕێی، ئەوانەی لە ژیانـدا دووئامـــانجی مـــەزن و

نموونەییان لە بەرچاو گرتووە، کە منیش خوازیاریانم و خۆیان لەسەربەستی و خۆشی بەخشین بەمرۆڤ دەنوێن. هەرچی دەشمێنێتەوە بەبۆچوونی من سێبەری ئەم دوو پڕەنسیپەن (شەڕو ئاشتی) کە دوو حاڵەتی لە یەک دابڕاو دژ بەیەک دروست دەکەن کەچی کامەرانی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مافی هەیە وەک ئاشتی برێک کات بەشەڕ ببەخشێ. بەهەمان شێوە شاعیری سربیا (میودراک بولا ترفیتش بەناونیشانی رۆمانەکەی (شەڕ چاکترە) توانیویەتی ئەو خۆشیانەی لە کاتەکانی شەڕدا دەخشرێن گەورە بکات و هەمان مانا لە چەند لاپەڕەیەکی هەردوو رۆمانم (قات و پاڵتو) و (لێکدانەوەی خراپ) هەیە کە تامی ماچ و سێکس و هەوا و جولەکان دەردەکەون، هەروەها ئەو شتانەی بەشتی بچووک و سۆز ناودەنرێن کە گرنگ و بنەڕتین لەکاتی شەڕدا. دەکرێ بڵێین ئەمانە هەموویان سۆزن و لە بیر ناکرێن. چۆلەکەی بچووکم بەهەمان شێوە تامی خۆشییەکان دەکات و دەکەوێتە ناو شەڕەشەڕی دەریایی دەکات، بەئاوێنە بێ تاوانەکانی دەڕوانێتە هەموو بلیمەتەکانی ئەم دیمەنە، بەهەمان رێگاش تۆڵە لە کەسانی خراپەکار دەکاتەوە. بەڵام ئەوکاتەی ئاگری یەکەم دەیسووتێنێ لە سێرکدا دەست دەکەن بەمەشق پێکردنی (بۆ نەمرکردنی خۆشی) تا لێرەدا ئامانجەکە بۆ چارەی فراوانتر دەگۆڕێ و شەڕ دەستپێدەکات. بەمجۆرە ئەم گەشتیارە شەڕکەرە وەک پیاوێکی راستەقینە دەردەکەوێ، بەگریمانەی ئەوەی خۆشییەکانی جیاکارن لە سەفەری یەکەمدا بۆ رۆژئاوا نووسەری ناسراو (سلڤادۆر دە مادریکادا)م ناسی کە بەرێکەوت ببوو بە پسپۆڕێکی ئەسپانی جاک و لە زانکۆی ڤییەننا ساڵی ١٩٦٣ لێکۆڵینەوەکەی ئامادەکردبوو، ئەمڕۆش تەمەنی لە ٨٠ ساڵی نزیک بۆتەوە، بەڵام چاوەکانی تائێستا جوڵەی بزەیەکی گەنجانەو گەرموگوڕی پیاوێ دەبەخشن کە لە بەرامبەر نادیار وەستاوە. باشتر ساڵەکانی دواتر کەسێکی دیکەیان بیرهێنامەوە کە ئازیزو هاوڕێی شاعیرم (ئەنتۆنیو بوربیتایە) و ئەوکات زانیم (دە مادرکارا) بەرگێکی روون و رێچکەیەکی جیاو چاویلکەیەی زێڕینی وەک ئەنتۆنیۆ هەیە، کە زانستی ژیانی لەگەنجێتی خوێندووە تا ببێ بەشارەزایەکی کارامە لە زانستە سروشتییەکان. بێگومان ئەو لە بارەی جیهان بە چەند خوازیەکی فەلسەفی و شیعری لەگەڵم دەدوا، ئەو گۆڕانەیش کە لە ئەنجامی ئەم گفتوگۆیە تووشم هات لەوەدا دەردەکەوێ کە جیهان یان باشتر بڵێم ئەو زەمینەی لەسەری دەژین، بێ کۆتایی و زۆر ئاڵۆزە، وەک ئەوەی ئەم ئاڵۆزییەی لە نوێبوونەوەیدا حەشاردرابێ. ئەم



**مارکیز**

رۆماننووسە دیاریەیش کە لە قۆناغی لاویدا پێی کاریگەر بووم (کابریل گارسیا مارکیز)ە و پێش چەند رۆژێ لە وتارێکیدا بەناوی (هێڵە یەکتربڕەکان) باس لە دوو سەرکردەی سەربازی هاوپەیمانی ناتۆ دەکات، لەوانەی هێرشیان کردە سەر وڵاتەکەم - خافییر سۆلانا ، دیسلی مکدرک- هەروەها باس لە کەسایەتییەکی رووخۆش دەکات کە مەغزایەکی هەڵگرتووە، ئەویش (سلڤادۆردە مادرکادۆ)ە باپیری سۆلانا (بەشێوەیەکی روونتر برای باپیریەتی) سۆلانا ، ئەو رۆشنبیرەی سێ ساڵ یاوەری شێخی نەبیل زادە سلڤادۆر بوو بەجوانی و گەرموگوڕی هەموو جیهانی لە باوەش گرت و بەپێکەنینی هێنا ، وەک ئەوەی بەم کارەی بیەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە جیهان هەمووی هاوڕێیەکی کەسی ئەوە، هەتا باوەش بەگومەزەکانیشیدا دەکات، سۆلانا قەسیدەی غەزەلی نا بەربلاوی نووسیوە، لەسەرووی ئەوەشەوە نەسقی سەربازی داناوە کە وایکردووە بۆ ملیۆنەهای بێ ئەژمار مەترسیدارتر بێ و ببێ بەهۆی ئەنجامدانی هێرشی (١٩) وڵاتی ئەوروپی بۆ سەر تەنیا تاکەیەک وڵات کە ئەویش یۆگسلافیایە. کێ هێرشی کردە سەر یۆگسلافیای پێشکەوتوو، لە پێناوی چیدا هێرشیان کردە سەری، بەم هەموو زیان بەخشینەوە؟ ئەم پیاوە بەخت رەشە (سۆلانا ) کە لەسەر زمانی نووسەرەکەی (مارکیز) هاواری لێ هەڵدەستا. بەتیرۆرە ئەهلییەکەیان رووبەڕوویان بووینەوەو پێمان گوتن یۆگسلافیا تووشی تیرۆری سەربازی هاتووە لەلایەن ئەم نۆزدە وڵاتەوە. لەوانە خەمبارانە چاوم بە کەسانێ لە ئیسپانیا کەوت، هەروەها هەندێ کەسی دی لە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەو وڵاتەی لە دەیەی دوایی لەناو خوێنی دەوروبەرەکەی گەوزیوە.



تۆلستۆی

نووسەرو فەیلەسوف (دەمارد رکادۆ) لە ماوەی دەسەڵاتی فرانکۆ لە ئیسپانیا دوورخرایەوەو نەیتوانی نە بگەڕێتەوە وڵاتەکەی و نە وانەی ئەکادیمی بۆ ماوەی چل ساڵ بڵێتەوە، چونکە سۆلانای هاوچەرخ نەوەی مادرکادو رێی پێ نادات وەک خۆی لە بالنیسا لە بارەی شەڕو ئاشتی هیچ وتارێک پێشکەش بکات. بۆردمانی بەلگراد چل رۆژی خایاند (واتا تا مێژووی نووسینی ئەم دێڕانە) کە خراپەکاری و سەرکەوتنە درۆزنانەکەیانی لە خۆگرتووە، کە ئەو دێڕانەی تیایاندا باس لەوانە دەکەم بەحەقیقەت و بێ حەقیقەت بەرەو بۆردمانەکە دەچن. لەبەرئەم هۆیەو هی تر بۆم دەرکەوت سۆلانا لە هەڵسەنگاندنی شەڕدا هێشتا تازەیەو وەک پەیکەرێکی بچووک ماڵیکەرەکان دەیجووڵێن وا وەسفی شەڕ دەکات (لە مردن دووری دەخەنەوە نزیکی دەکەنەوە) ماڵیکەرەکان لە واشنتۆن،

لۆندریش، بەرلین و پاریس و ئەوانی دی کـــە دەمـــەوێ ناویان بێنم وەک کلنتـــۆن، بلبـــار، ئەسکرەید، شـــێـــراک وشـــەی شـــەڕم بەگـــوێدا دەچرپێنن وشـــەیەک کـــە وەک دواکـــارت و دوا ئاگاداری بەکـاریان هێنا، وشەیەک کە وەزیرە بێ نەواکانی دەرەوە کوک و بەدرین بەکـاریان هێنا، کـە یەکێکیـان فەرەنسی و ئەویتر ئینگلیـزییـە، بەڵام وەزیرە دراوسێکانان ئەوانەی چاویان پێمان کەوت رووخۆشتر بوون و دانیـان بەرۆڵی وشەکە ناو بەدوو زمانی جیاواز قسەیان کرد (وشەیەک کە لە ناوەرۆکدا فیـتنەبازی و دووبەرگی تێدایە) هەمووشیان سەخیانە دەست بەرداری وڵاتەکەمان کۆسۆڤۆ بوون. ئەویش بەهۆی هاوپەیمانە جیاخوازە ئەلبانییەکان، وەک ئەوەی تەنیا ئەوان لە ماوەی سەدەکانی رابردوو رفێنراویان هەبێ و ئێمەش هیچ پەیوەندیمان پێیانەوە نەبێ. تۆ بڵێی بۆ داوا ناکەن سیکس و لۆریانا، یۆرکۆن و ئەسکۆسیا یا بەلایەنی کـەم پاریس بڕخـێنرێ. رفـێنەران و داگیرکاران بەخۆیان و بۆمبە ژەهراوییەکانیـان (بەردەوام هیرۆشیمـامان بیـردێنەوە)، خۆیان و گـــاسنە ئاســـمـــانیـــەکـــان بە دەوری زەویدا دەسوڕێنەوەو ژیان و مێژووە دوورەکانمان دێننەوە یاد، بـەم کـــــارە ئەوانە دەیانـەوێ بـەناوی دیموکراسییەت و مەشغەڵەتی مرۆیی کە جێی گومانە ئەوە بچەسپێنن کە لێبوردەن، لە لایەکی دی بێ وەسـواسی شـێـوازێکی مـوتڵـەقـیـان هەڵبـژاردو ترسـیـان بە هەمـوو هێـزێکەوە کـردە پیشە. ئەمریکیەکان و ئەوانەی ئەندامی کاران لە هاوپەیمانیـیەکـە، ئەوەی لە ئەلبـانیـای کـۆسـۆڤـۆ لایان گـرنگ بێ وشـەی دیموکـراسـیـیـە، ترسی داگـیـرکـەر لەوانەی خـاوەنی پێـشکەوتن و دیموکراسی راستەقینەن لە کۆسۆڤۆ، دەکرێ وردتر بڵێین ئەلبانەکان ئامێربوون بۆ فەرانداان بەوانەی بە بنەچە ئەرسۆدۆکسن وەک هەنگاوی یەکەم بۆ نزیک بوونەوە لەو رووسە گـەورانەی بەم دواییـە هێـرشـیـان کـرایە، سـەر لەمـەشـدا کـاردانەوەی خێرایان بەرامبەر جیهان نیشاندا.

لە رامـبـۆ لایت و پاریس رۆڵێکی دووسـەرە بەرامبەر ئەوەی لەسەرایيڤۆ روودەدات هەیە وەک ئەوەی لە مـاسکرە لە شـەقـامی بابامـیـسـینای شـارەکـەمـان روودەدات کـە بە دواییـە گـەیشـتـە رادەی ئەوەی بمانترسێنن کە کـات زۆری بەبەرەوە نەمـاوە، کـەواتە هیچ شـتێ تۆمـار ناکـرێ، هەتا نارازیبـوونیش. دیموکراسـیـیـەتی خێـرا نیشـانەی شەوانی ئەوروپاو کۆێلی شەویان لە سیسـتـەمی تازەدا کوژاندەوە، بەمـەش مـامۆسـتـاکـان مـەرگی حکومـەتەکـانیـان لە پێناوی گەورە پیـاوە بەرێزە تەماحکارو رفێنەرەکان راگەیاندو پێستی خۆیان لە خاکی سربیا دوورخستەوە، ئەو پێستەی زۆر بەرێکی شۆڕشەکانی هەڵمژی، چونکە سیربیـای جوان خەڵکە گەڕاوەکـەی دەناسی، سۆلانای دەم بەخـەندەش نامـەیەکی نارد کـە تێـیـدا رەتی ئەوە دەکاتەوە باپیری (سلڤادۆر مادریاکا) لە مـاوەی چل ساڵدا چەشتوویەتی..

**سەرچاوە:**

جريدة الصباح العدد ٩٦١ / ت١، ٢٠٠٦

و: بۆ عەرەبی: نەجات عەبدوڵڵا